# ترس لە باران ... ترس لە عەشق



بۆ تۆ ئەی ئەو ڕێبوارەی لە گوزەرێکەوە ڕێت کەوتە بیابانی چاوم ، بۆ تۆ زۆر جاران بە سۆڵۆ دەمژەنیت و فرە جاریش لەگەروتا ئەمشاریەوە .... بۆ ئێوەش کە هەمیشە عاشقن یان عاشق ئەبن....

سڵ لە بارانێك دەکەمەوە ناوادە بیبارێت
نەبادا هەناسەیەکی منت
بە تەنافی خەیاڵێکتاهەڵخستبێت..
لەوەتەی هەم
خۆم دیلم و ،تەرزی هەزاران خەیاڵم
لەگیرفانی کەنارییەکی عەیاردایەو
بەنێری نێو قەفەز دەڵێت :


نامق هەورامی
namqhawramy@hotmail.com


ئەی دۆست
وەرە هەناسە ساردەکانت
لەبیابانە کاکی بەکاکییەکانی جەستەما ،
گەرم کەوە ،
با خەونی نێو تەلبەندەکان
بەرینە سەر پەلکە گیایەك،
ماڵێك چێکەین
لە پەڕی هەڵوەریوی دوای دەسبازی و
چرِینێك جیا لە چرِینی
پیاوە دەنگ ناخۆشەکانی درەنگ شەو...
بیرم نایەت ئێوارەیەك

له كه‌ناری ده‌ریایه‌كدا
سه‌رم دابێته‌ ده‌ست مه‌ستی
وه‌ڵێ دایم
تورەبوونی شه‌ پۆلێك و
بۆنی لمی كه‌نارێكم هه‌ڵگرتووه‌ ...
مه‌هێڵه‌ منه‌تباری ده‌ریا بم
شایه‌نی ئه‌وه‌ نیم شه‌پۆل له‌ قاری منا
سه‌ری خۆی بدا به‌ به‌ردا..
خودایه‌ حه‌وجه‌دارم به‌ بۆنی لمی هیچ كه‌نارێ مه‌كه‌
له‌وه‌ته‌ی پیرۆزیت به‌خشیوه‌ته‌ لم
ئه‌و خه‌یاڵم نغرۆ ده‌كات...
ئیلاهی..
به‌شه‌ریعه‌تی نه‌مری و
به‌ مه‌زهه‌بی جاویدانی
ناكرێت ئه‌و هه‌ناسانه‌ خه‌فه‌كه‌ن
ره‌وایه‌ هه‌ناسه‌یه‌ك بده‌ینه‌ شه‌تڵێك
مناڵێك له‌ باخچه‌یه‌كداهه‌ڵیكه‌ندوه‌
تا بگاته‌وه‌ دڵی خاك..
ده‌كرێت له‌ پێنج شه‌ممه‌یه‌كی هه‌فته‌دا
گه‌ڵایه‌كی سه‌رهه‌ڵگرتوو
به‌ ئینجانه‌یه‌كی خانه‌خوێ بڵێت :
هاورێ ئه‌توانم له‌ ئامێزتا بسره‌وم
به‌ڵكو ببمه‌وه‌ به‌ نه‌مام ؟
خانمێك له‌ ماڵی خه‌یاڵكدا دێته‌ ده‌رێ

زاكيرەی غەشی لێدەكات
بیری ئەچێت پرچەكانی شانە بكات
بۆ ئەوەی جوانی نەتۆرێت
جائیزە
پە نجەكانتی بۆ بكەیتە شانە...
درەنگ شەوێك
شاژنی قەسیدەیەك دێت
بە خۆی و كۆڵیٚ جوانییەوە
بە خۆی و رستیٚ وشەوە
دیٚ و بەرۆكی قەڵەم دەگرێت
هەناری خەیاڵێك
لەسەر سفرەی حەزێكا ئەتەكێنێت
خاڵی خاڵیت ئەكاتەوە لەخۆت
پڕ پڕت دەكات لە چرپە و
دەڵێت : وەرە بمنوسەوە!!
ئاخر شاژن..
نوسین یاخی بوونی بولبولە لە ئاژینەكانی باخەوان
چونە نێو خەیاڵی رەنگاو رەنگی باخچەیە ،بیٚ روخسەت وەرگرتن لە با
نوسین دیویٚكی تری قسە كردنە لە بوون
خواردنەوەی قاوەیەكە لەگەڵ كەنارییەكدا
كڕینی دەستەیەك بۆیەیە بۆ مناڵێك
تا خەیاڵەكانمان رەنگ بكات..
عەشقە لەگەڵ شاژنە ئەفسانەییەكانی مەملەكەتی تەمدا..
شیعر.. جۆرێكی ترە لە گۆرانی و

موغێك تەفسیری ئایەتەكانی عەشق دەكات
بۆ هەناسەیەكی تری گاتاكان
لەسەر زەمینی سۆمەردا....
زۆر جار شیعر
بە ئاگا هێنانی ژنێكە لە شیرین خەوا
تا درود بۆ باخچەكانی رۆحیانەتی و
ئاوریشمەكانی خەیاڵی بنێریت...
دەترسم باران ببارێت
خەیاڵی شیعرێكم نەتوانێ ببێتە چەتر
بۆ حوزنی داركونكەرەیەك
گەرەكییەتی لە قامەتی سنەوبەرێكی هەرزەكارا
شمشاڵێك بۆ غەرییی چێكات...
دەترسم ببارێت و
نەتوانم دڵنیایی بدەمە چڵێك بەڕەزا
نەبا خۆیی بیرچێتەوە ...